چیرۆکی ژیانم

# ئەو بەسەرهاتەی نزیکەکانی خۆم نەیانبیستووە

(م.ل.ق)

کاتێ لەبەردەم دادپرس رایانگرتم، هەموو گیانم دەلەرزی، هەستم بەپەشیمانی و بێبەهایی خۆم دەکرد. هەرگیز بیرم لەئاکامێکی ئاوا نەدەکردبۆوە . من کە لەنێو خێزانێکی ئابڕومەند و ناسراودا پەروەردە کرابووم ، نەدەبایە خۆم لەو گۆماوە لیخنە بهاوێم ، بەڵام هەندێ جار مرۆڤ وەها بچووك دەبێتەوە کە بیرو هۆش لەدەست دەدات و بەرەو زەلکاوی تاوانکاری شۆڕدەبێتەوە. تاوان و کردەوەی دزێوو ناحەز بەهەنگاوی کەمبایەخی و بێبەرنامەیی دەست پێدەکات. منیش لەبچووکەوە بەرەو گەورە ڕۆیشتم. نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ ئێمەی خەڵکی باشووری کوردستان سەرتاپاماڵوێرانی و دەردەسەری بوو. لەنێو بێبەرنامەیی و شەڕی نێوەخۆدا هەنگاومان دەهاوێشت. ژیان بەئەندازەیەك تاریك و پڕژان بووبوو کە هیچ نووسەرێکی هەست ناسك نەیتوانیووە بەشێوەی خۆی دەری ببڕێ و بینووسێتەوە.منیش یەکێك بووم لەو گەنجانەی کە حەزم بەچەکداری و حزبایەتی نەدەکرد.

ڕقم لەماڵتاڵانکردن و دزی و ڕاوو ڕووت دەبۆوە. ئەو کەسانەشم خۆشنەدەویست کە هەڵیان دەکوتایە سەر دیتران وشاربەدەریان دەکردن. هەموو وڵات لەشەڕو بێباوەڕی و نائومێدی نغرۆ بووبوو. بێکاری باڵی بەسەر شارو دێهاتەکانی داپۆشیبوو. ڕۆژانی بێکاری و ژیانی بێبەرنامەیی تەواو نەدەبوو. لەدانیشتن و گۆشەگیری بێزارو ماندوو بووبووم، حەزم دەکرد خۆم بەکارێکەوە خەریك بکەم و دیمەنە سامناکەکانی شەڕی براکوژی لەخۆم دوور بخەمەوە .

ناسیاوێکمان لەتاران کاری دەکرد. جارێکیان بەسەردان هاتەوە باشوور. بۆ بەخێرهێنانەوەی سەردانیم کرد. بەجۆرێکی ئەوتۆ باسی تاران و کارگەو کارخانەکانی دەکرد کە مرۆڤ شەیداو دێوانەی دیتنیان دەبوو. ئەو دەیگوت:. " تاران بەقەد هەموو شارەکانی عێراق خەڵکی تێدایە. هەزاران کارخانەی جۆراو جۆری هەیە. هەر کارێك بزانی پەیدا دەبێ. خاوەن کارخانەکان وەك چاوەش بەدوای کارگەر دەگەڕێن. شوێنی خەوتن، خۆراك و خواردنت پێدەدەن، مانگانەش مووچەیەکی باش وەردەگری. پیاو دەتوانێ لەماوەی ساڵێکدا دوو سێ هەزار دۆلار پاشەکەوت بکات ! بەو ئاواتەوە ڕەگەڵی کەوتم و بەرەو تاران ڕۆیشتین. تاران شارێکی گەورەو فراوان بوو. دەکرێ بڵێم دەریایێکی قوڵ و بێبن بوو، شەپۆلەکانی مرۆڤیان رادەپێچا. بەهەوڵی ئەو ناسیاوە لە گاوداریێکی دەوروبەری تاران دامەزرام. ڕۆژانە بەردەستی خاوەنی کێلگەکەی گاوداریم دەکرد. شەوانەش پاسەوان بووم. ئەرباب کابرایێکی قسەخۆش و بەڕێز بوو. زۆر بەنەرمی ڕەفتاری دەکرد. ئەوەی نەیناسیبایە نەیدەزانی خاوەنی ئەو گاودارەیە. بۆخۆی زمانی فارسی و ئازەری دەزانی. سەری لەکوردی و عەرەبیش دەردەچوو. ماوەی شەش مانگ بەبێ گرفت لەخزمەتی دابووم. مانگانە هەقی خۆمی پێدەدام. دەیگوت:ـ " باشتروایە پولەکەی خۆت بکەیت بە دۆلار، چونکە ڕۆژ دوای ڕۆژ تمەن دادەشکێ، ئەگەر بە دۆلار هەڵیان بگری قازانج دەکەی " لەسەر قسەی ئەو مانگانەکەم دەکرد بە دۆلار و لای ناسیاوەکەم دامدەنا. چونکە من لەو گاوداریەدا شوێنی خەوتن و حەسانەوەم پێدرابوو. سێ ژەمە خواردنیان پێدەدام. ئیتر هیچ پێویستیم بەشت کڕین نەبوو. ئەرباب جلە کۆنەکانی خۆی بەئێمەدەدا. پێوێستی نەدەکرد کە جل و بەرگیش بکڕین . لەو ماوەیەدا پارەیەکی باشم کۆکردبۆوە هزری وازهێنان لە گاوداری لەکەلەی دابووم. ڕۆژێکیان بە ناسیاوەکەم گوت: ـ

لەوگاوداریە زۆر بێزارم، ئەگەر دەکرێ لەلای خۆت کارێکم بۆپەیدا بکە، ئەگەرنا لەناو تاران کارێکم بۆ بدۆزەرەوە. هەرهیچ نەبێ دوای کارکردن سەرێکی ناو بازاڕو پارکەکان دەدەم و ماندوویيم لە جەستەم دەردەکەم ". ئەویش شارەزایەکی باشی لەتاران هەبوو. لەماوەیەکی کورتدا لە شارەوانی کارێکی بۆپەیداکردم. لەپارکی (س) کرام بە پاککەرەوە. زۆر بەباشی کارم دەکرد. دوای کار بەخیابانی عەسر شۆڕدەبوومەوە. تاران کەژاوەیەکی ڕازاوەبوو، بەهەزاران ڕەنگ خۆی دەنواند. ژنی ئەوتۆی تێدابوو کە ماسیگر ئاسا قولابی هەڵدەداو ماسی گەورە گەورەی دەگرت. منیش ماسیەکی ساویلکەبووم. دەمم لە قولاپێك گیربوو. ژنێکی باڵابەرزو نەشمیلە منی گرتبوو. ئەگەر تورشیی دابامایەوە ناو دەریای تاران، من بۆخۆم بەدوایەوە دەڕۆیشتم و خۆم لەنێو جانتاکەی دەنایەوە. ئیتر دوای کارکردن دەچوومە لای خاوەنە تازەکەم. شەوانە دەچوومە ماڵەکەی و لەوێ دەخەوتم. وردە وردە بە تلیاك وحشیش ئاشنابووم. ئەو بۆخۆی لێبووبۆوەو، هەوڵی دەدا منیش بەرەو جیهانی خۆی پەلکێش بکات.

من لەبەر دڵی ئەو لەتەکیەوە دادەنیشتم. بۆنی مادە. بێهۆشکەرەکانم دەناسیەوە، بەڵام ڕێگام بەخۆم نەدەدا دووچاریان ببم هەرچی پارەو پولم هەبوو لەپێناو ئەو ژنەدا سەرفم کرد.

بۆ ژنەکە ڕەنجم دەدا. مانگانە ئەوەی دەستم دەکەوت بەوم دەدا. کار بە وەندە هەڵنەدەسوڕا . ڕێگای گیرفان بڕی و دزیم بۆکرایەوە. ژنەکە نێچیرەکانی فریو دەدا، قسەی لەگەڵدا دەکردن، دەیهێنانەوە ماڵەوە. لەوێ من ڕووتم دەکردن و ڕاوم دەنان. کارکردنی پارکم بە جێهێشت ئیتر بوومە ئەندامێکی ئەو ماڵە. ژنەکە دوومنداڵی بچووکی هەبوو. دەیگوت:ـ مێردەکەم بە ڕووداوی ماشێن گیانی لەدەست داوە " من جێگەی ئەو مردووەم پڕکردبۆوە. لە جێگەی ئەو کارم دەکرد لەسەر تەختەکەی ئەویش دەخەوتم. ماوەی ساڵێك گوزەرا. لەنێو دنیای تاوان دەخەوتم و وە ئاگانەدەهاتم. کرێکاری ماندووی ڕەنج بابردوو بووم.

دەتوانم بڵێم لە ویژدان و ژیری داچۆڕابووم. ڕۆژانە نێچیرەکان بەپێی خۆیان دەهاتنە بەردەستم، منیش پەڕو باڵم دەردەهێنان و شاپێکی تەڕم تێهەڵدەدان. وامدەزانی ئەو کارە بەبێ گرفت تاسەر دەمێنێ. زۆرجاران دەمگوت:ـ " هەرکاتێ ماندووبووم، یان هەستم بەمەترسی کرد، بۆی دەردەچم و دەگەڕێمەوە زێدی باب و باپیرم ". من پێموابوو هیچم زەرەر نەکردووە و لەداهاتووشدا هیچ زیانم لێناکەوێ. سەرەنجام وا دەرنەچوو. ڕۆژێکیان نێچیر سەروانێکی ئاسایش بوو. جلی مەدەنی لەبەر دابوو دوای ئەوەی پەڕو باڵم دەرهێناو شاپێکی تەڕم لێدا، شوێنەکەی ئاشکرا کردین. شەو گەمارۆدراین و دەستگیرکراین . هەردووکمانیان بردە بەردەم داد پرس. من هەزوو دانم بەتاوانی خۆم داناو ڕاستیەکانم ئاشکراکرد. لەکاتێکدا هەموو گیانم دەلەرزی و ئارەقەی شەرمەزاری و پەشیمانیم لێدەتکایەوە . داوای بووردن خواست و بەڵێنم دا جارێکی تر ئەو ڕێگایە نەگرمەوە. دادوەر سزای شولاق و زیندانی بۆ بڕینەوە. لە یەکتر جیاکراینەوە. من هەشتاشولاق و ٥ ساڵ زیندانیم خوارد. ئێستا لەزیندان دەرهاتووم. جگە لەخۆم هیچ لەناسیاوو خزمەکانم ئەو چیرۆکە نازانن. بەڵام ویژدانم ئاسوودە دەکەم و چیرۆکی خۆم لەسەر لاپەڕەی ڕۆژی گەل ـ دا دەنووسمەوە. من سۆزو بەڵێنم داوە تا لەژیان مابم، جارێکیتر بەرەو ئەو زەڵکاوە نەڕۆم و هەرگیز لێی نزیك نەبمەوە.



# گەنج و قەیرانی نیشتەجێبوون


**ئارام سدیق**

گەنج بوونەوەرێکی پرسیار کەرو خاوەن خەونی نوێیە و هەمیشە دیدی نوێی لەمەڕ کێشەو پێشهاتە نوێکانی کۆمەڵگە هەیە، ئەمە سەرەکیترین وەزیفەی گەنجە، بەڵام کاتێك گەنج

لەم بوونەوەرە پرسیار کەرەوە دەبێتە بوونەوەرێکی بێ پرسیار ئەوکاتە کەسێك نامێنێتەوە

هەڵگری شوناسێکی گەنجانە بێت. بێگومان ئەگەر لە ڕەوتی ژیانی گەنجانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی وردبینەوە دەبینین زیاتر پێناسەی دووەم بەسەریاندا دادەبڕێت، کە ئەمیش دەیان کێشەی جۆراوجۆری هەیە کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان بدەین. هۆکاری بێ پرسیاربوونی گەنج ئەو سانسۆڕە کۆمەڵایەتیەیە کە خێزان لەسەر بیرکردنەوەی گەنج داینـاوەو ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر گەنجی ئێمەی بەرەو هەمان بیرکردنەوەی نەوەی پێشوو بردووە. دووەمین هۆکار دابەشبوونی خێزانی کوردیە بەسەر حزبەکاندا کە ئەمەش دیسان دەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی لەسەر بیرکردنەوەی گەنجان هەیە، چونکە حزبی کوردی بەردەوام هەوڵی مۆنۆپۆلکردنی گەنجانی داوەو ویستویەتی وەکو ئەوان (واتەحزبەکان) بیربکەنەوە و ئەو ڕەنگەی ئەوان لایان پەسەند ئەویش ئەو ڕەنگە بپۆشی و بەو شێوەیە بیربکاتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو چەندین کێشەی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگیەی کە بۆشاییەکی گەورەی لەبیری گەنجی کورد دا دروست کردووە. یەکێکی تر لەو کێشانەی بەرێژەیەکی زۆر گەنجانی سەرقاڵکردووە، کێشەی نەبوونی یەکەی نیشتەجێبوونە کە ئەمەش بۆتە ڕێگرێکی بەرچاو و دیاری بەردەم تواناکانی گەنج. ئەم کێشەیە گەنج لەدروست کردنی خێزان دوا دەخات و لەقوتابخانەو بەشە ناوخۆییەکانیشدا گرفتی زۆری بۆ دروستکردووە، کە دواجار ئەم گرفتانە کاریگەریەکی زۆر نێگەتیڤ لەسەر ئایندەی گەنج و کۆمەڵگەی کوردی بە جێد ێلن. دیارە چارە سەرکردنی هەر کێشەیەك پێویستی بەبیرکردنەوەو گەڵاڵە کردنی پرۆژە هەیە تا دواجار لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە ئەو گەڵاڵەنامەیە بکرێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە تاهەنووکە گەنجی کورد و ڕێکخراوە گەنجانەکان پرۆژەیەکی تۆکمەو هەمە جۆریان لەمەڕ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان نەکردووە، ڕاستە هەندێکجار لەشێوەی داواکاریدا و بەراپۆرت پێشکەش کراوە، بەڵام پێموایە تا هەنووکە لەئاستی پێویستدا نەبووە دەبوایەپرۆژەی قسەکردن لەسەر چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون بەتەنهاو بەداواکاری تۆکمەتر بوایەو لەگەڵ پێشکەش کردنی پرۆژەکەدا لێژنەی بەدواداچوونی ئەم کێشەیە هەبوایە تا دەگەیشتە قۆناغی جێبەجێکردن بەڵام ئێمە تا هەنووکە ئەمەمان نەبینیوە. دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە زۆرگرنگە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان

لە هەوڵی دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبووندابن بۆخوێندکاران و لاوان و چارەسەکردنی ئەم کێشە گەورەیەی ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە قەیران گەورەکانی ژیانی گەنج چارە دەکات و توانای نوێی بیرکردنەوە بە گەنج



# خۆشەویستی یەکلایەنە، سووتانێکی بێ هیوودەیە!!

**هەستیار غەمگین**

خۆشەویستی ئەو چەمکەیە کە هەر لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە تێکەڵ بە ژیانی خەڵکی بووە بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵدا بکات. وە یان ئاستی تەمەن، زۆرجار مرۆڤەکان لە تەمەنی پیریدا عاشق دەبن و لە پێناو بە ئاکام گەیشتنی عەشقەکەشیاندا بەدەیان تەسحیەو فیداکاریان بە خۆیان داوە. تاکو گەشتوونەتە ئەنجام، وە یان سەریان لە پێناویدا داناوە. خۆشەویستیجیهانێکی بەرفراوانەکە تیایدا بکەرەکانی لە نێو خەیاڵ و فەنتازیای خۆیاندا جوانترین کۆشکی کریستاڵی بنیات دەنێن

کە تێکڕای کەرەسەکانیشی لە پەیڤی جوان و ڕۆمانسیەت و سۆز گۆڕینەوە و وەفا و ڕاستگۆیەوە درووست دەبێت. دیارە ئەوەی من لێرەدا ئەمەوێ ئاماژەی پێبکەم قسەکردنە لە بابەتێکی زۆر گرنگ ئەویش خۆشەویستی یەك لایەنیە. کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی گرتۆتەوە بە هە ردوو ڕەگەزی کوڕ و کچەوە. ئەبێ ئەوەش بزانین کە هۆکاری دروست بوونی ئەم دیاردەیە بۆ چەند لایەنێك دەگەڕێتەوە. کە ڕەنگە لە چەند خاڵێکدا دیاری بکرێت. حاڵەتی یەکەم بۆ شەرم کردن دەگەڕێتەوە، کە بەتایبەتی لای ڕەگەزی کچان ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت. چونکە هەمیشە لە مەترسی ئەوەدان کە لە ئەنجامی درکاندنی ووشە

پەنگ خواردووەکەی ناخیاندا ڕەفز وەربگرن بۆیە هەمیشە لە حاڵتێکی سایۆلۆژیدا دەژین. کچێکی هاوڕێم ماوەی ٤ ساڵ کوڕێکی خۆش ئەویست لە نێو بازاڕدا دووکانێکی کەمالیاتی هەبوو. ئەو هەموو جارێ دەیوت من لەو زیاتر کەسیترم خۆشناوێ کەپێم وت بۆچی ئەم هەستەی خۆتی بۆ دەرنابڕی کەچی جارێکیان وتی چۆن هەڵەی وا ئەکەم، ئەبێت خۆی پێم بڵێت بە یەکجاریش ڕازی نابم ئەبێ سێ چوار جارم پێبڵێت ئەو کاتە ڕازی دەبم. بەڵام هەندەی پێنەچوو کوڕەکە ژنی هێناو ئەویش زیاتر باری خەمەکانی قورستر بوو. حاڵەتێکی تریش، ترسە کە ڕەنگە ئەمەشیان پانتاییەکی تر داگیر بکات هەمیشە کەسی گیرۆدە بوو لە دڵە ڕاوکێیەکی گەورەدا ژیان دەگوزەرێنێ کە لەناخی خۆیدا ڕەنگە بڵێت: ئەبێ ئەوکەسەی کە بە ڕوالەت منی خۆش دەێت تاکو چەندە ڕاستگۆ دەبێت لەگەڵما. یان تۆ بڵێی ئەگەر ماڵەوەمان بەو پەیوەندیەی من بزانن چیم بەسەر دێنن. دواتریش حاڵەتە دەروونیەکە وەك مۆتەکەیەك بەسەریدا زاڵدەبێت. بە شێوەیەکی گشتی ئەم حاڵەتە لە نێو تاکەکاندا بە دیدەکرێت. چۆن ئەم دیاردەیە بن بڕ دەکرێت.؟ بڕواناکەم ئەم حاڵەتە وابە ئاسانی بن بڕ بکرێت چونکە دیاردەیەکی تایبەتە بە تاکەکان خۆیانەوە. دەبێ خۆیان هۆشیاربینەوە



کە ئەو حاڵەتەی ئەوانی پێدا دەگوزەرێت زۆر نەگەتیڤەو کاریگەری خراپ لە سەر دەروونی تاکەکان جێدەهێڵێ. چی تێدایە کە تۆ کچێکی و کوڕێت خۆش دەوێ ڕاستەوخۆ بڕۆی هەستی خۆتی بۆ دەربڕی. لە کۆنیشەوە گوتراوە ( خۆشە دڵداری لە هەردوو سەربێ، نەك تۆ بسووتێی ئەو بێ خەبەربێ ) جا هیوادارم ئەم دیاردەیە لە نێو لاواندا بە یەکجاری

بار بکات و لەناویاندا نەمێنێ. تاکو نەوەیەکی هۆشیار و تەندروست بێتە کایەوە و زۆر ڕاستگۆیانە لە مەڕ چارەنووسی خۆیان بڕیاربدەن.